


# ”پلانی ساڵی 2030“
# ستراتیژیای LafargeHolcim بۆ بەردەوامبوون

THE 2030 PLAN
BUILDING FOR TOMORROW

LafargeHolcim

# بنیادنان بۆ ئاینده

ئێمە وەک LafargeHolcim خوازیارین بەرەو بەردەوامبوون بڕۆین و پێوەری نوێ دابمەزرێنین.

دەمانەوێت ئەو شێوازە بگۆڕین کە پیشەسازییەکەمان کاری پێدەکات و تێکڕای کەرتی بیناسازی هانبدەین بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێت بۆ چارەسەری کێشە گەورەکانی هەسارەکەمان.

وەک ڕابەرێکی جیهانی لە بواری پیشەسازی کەرەستەی بیناسازیدا، دەرفەت و لێپرسراوێتیمان هەیە بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەرێنیمان هەبێت.

چۆن دەتوانین ئەمە ئەنجام بدەین؟



# ”پلانی ساڵی 2030“

”پلانی ساڵی 2030“ بایەخ دەدات بەوەی چۆن بتوانین بەردەوامی بە پرۆسەکانمان بدەین و بگەینە چارەسەری داهێنەر و بەردەوام لە پێناو دروستکردنی بینا و ژێرخانێکی باشتردا.

پلانەکەمان هەروەها دەڕوانێتە ئەودیوی کارە بازرگانییەکانمان و چالاکییەکانمان لە پێناو پیشەسازی زیاتردا.

ئێمە پابەندین بە کارکردنی هاوبەش بۆ ئەوەی تێکڕای زنجیرە بەهاکانی بیناسازی داهێنەرتر و بەئاگاتر بکەین لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان و کاریگەرییان لەسەر سروشت. پابەندین بە چاککردنی ژیانی کۆمەڵگاکان بە پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا، بڕوامان وایە کە ”پلانی ساڵی 2030“ پارمەتیدەرمان دەبێت بۆ پێشکەشکردنی باشتر – بۆ کۆمەڵگە و هەسارەکەمان، و هەروەها کارە بازرگانییەکەمان.

## یارمەتیمان دەدات بۆ بونیادنانی ئاینده

THE 2030 PLAN

# ڕابەرایەتی داهێنان

## ئاواتمان،

ڕێی داهێنان دەگرینە بەر و بەرهەم و خزمەتگوزاری و چارەسەرەکان پەرەپێدەدەین لەگەڵ بەهێزکردنی ئەدای ژینگەیی و کۆمەڵایەتیدا.

دەبینە ڕابەرێکی بیرمەند لە کەرتەکەماندا و ڕابەرایەتی پرۆسەی گۆڕانکاریی دەکەین لە میانەی زنجیرە بەهاکانی بیناسازیدا.

هەڵدەستین بە دیاریکردن و پەرەپێدان و پاداشتی پێشکەوتووترین بیرۆکە لە پیشەسازی بینادا لە ڕێی دامەزراوەی LafargeHolcim بۆ بیناسازی بەردەوام.

## ئامانجمان

خوازیارین 3/1 سەرچاوەی داهاتمان لە ڕێی چارەسەرەکانمان بۆ ساڵی 2030 زیاد بکەین – ئەمەش پێکهاتەیەکە لە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانمان بۆبەهێزکردنی ئەدای بەردەوامبوونمان.



# کەش و هەوا

**پیشەسازییەکەمان زۆر گرنگە - لە بەر ئەوەی کەرەستەی بیناسازی بەشێکە لە ژێرخان و نیشتەجێبوونی گشتی وبینای بازرگانی لە سەرتاسەری جیهاندا.**

## هیوامان

بەردەوام دەبین لە ئەرکەکانمان بۆئەوەی بە تەواوی بڵاوبوونەوەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ کەم بکەینەوە بۆ هەر تەنێک چیمەنتۆ. هەروەها یارمەتی کڕیارەکانمان دەدەین بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربون $CO_2$ کە بەبەردەوامی لە بیناو ژێرخانەکان بەرز دەبنەوە ئەویش بە بەکارهێنانی پێکهاتەکانمان لە بەرهەم و خزمەتگوزارییە بەردەوامەکانمان.

## ئامانجەکانمان

خوازیارین تا ساڵی ٢٠٣٠ ڕێژەی بەرهەمهێنانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربون $CO_2$ بە ڕێژەی 40% کەم بکەینەوە بۆ هەر تەنێک چیمەنتۆ لەوەی کە لە ساڵی 1990 ئەنجاماندا - کە ئەمەش دەبێتە ئەرکێکی سەرباری دیکە بۆ کەمکردنەوەیەک دەگاتە 19% ئەگەر ساڵی 2014 بە بنەما دابنێین.

ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی ببینە کاریگەرترین پرۆژەی بازرگانی لە کەمکردنەوەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربون $CO_2$ لە کەرتەکەماندا. وەک هەماهەنگییەک لەگەڵ پرۆتۆکۆلی جیهانی تایبەت بە کەش و هەوا کە لە خولی 21 کۆنفرانسی گۆڕانکاری کەش و هەوا COP21 پەسەندکرا. پابەندین بە پێداچوونەوە بەم ئامانجەدا، لە هەر پێنج ساڵ جارێکدا، تا بتوانین خۆمان بگونجێنین لەگەڵ داهێنانە تەکنەلۆژییەکان و گۆڕانکارییەکان لە یاسای گۆڕانی کەش و هەوادا.

دەمانەوێت تا ساڵی 2030 یارمەتی کڕێکارەکانمان بدەین بۆ دوورخستنەوەی 10 ملیۆن تەن لە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ کە ساڵانە لە بینا و ژێرخانەکانەوە بەرز دەبێتەوە، ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی چارەسەرە داهێنەرەکانمانەوە.









# ئابوری ڕیسایکلین

**سەرچاوە سروشتییەکان کەم بوونەتەوە. ئێمەش چارەسەر لە پاشماوەکاندا دەبینین. ڕێگای نوێ وبەردەوام  پەرە پێدەدەین بۆ بەکارهێنانی پاشماوەکان و دروستکردنی بەرهەم کە زیاترلە ئامانجە سەرەتاییەکانیان تێپەڕ دەکەن.**

## هیوامان

بەهای زیاتر بۆ پاشماوەکان دروست دەکەین بە گۆڕینیان بۆ سەرچاوەی گشت پرۆسەکانی بەرهەمهێنانمان – ئەمەش چارەسەری بەردەوام پێشکەش دەکات بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەکان.

لە ناوچە شارستانییەکاندا، پاشماوەی بینا و روخاندن بەکار دەهێنین بۆ دروستکردنی چەو ولمی سەرلەنوێ بەکارهێنراو.

## ئامانجەکانمان

تا ساڵی 2030، دەمانەوێت ساڵانە ٨٠ ملیۆن تەن لە پاشماوەی سەرچاوە دروستکراوەکان لە چالاکییەکانماندا بەکاربهێنینەوە.

تا ساڵی 2030، چەو ولم  دابین دەکەین بە چوار هێندەی ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەین.

# ئاو و سرووشت

**کەمی ئاو یەکێکە لە کێشە گەورەکان کە هەسارەکەمان ڕووبەڕووی دەبێتەوە وئێمەش پێویستمان بە ئاو هەیە بۆ دروستکردنی بەرهەمەکانمان، هەر بۆیە دەستگرتن بە ئاوی سازگار کە لە سرووشتەوە بەکاری دەهێنین و بەکارهێنانی بە ووریاییەوە ئەرکی سەرشانمانە. لە ناوچە ووشکانییەکاندا، ئاوی زیاتر پێشکەش بە کۆمەڵگاکان و سیستمە ئیکۆلۆژییەکان دەکەین وەک لەوەی بەکاری دێنین. ئێمە بایەخ دەدەین بە هەمەڕەنگی بایلۆژی لە گشت ئەو ناوچانەی کاری تێدا دەکەین.**

## هیوامان

ئاوی سازگاری کەمتر لە گشت هێڵەکانی چالاکییەکانماندا بەکار دەهێنین.
ئاوی زیاتر دەدەینە سرووشت و کۆمەڵگاکان وەک لەوەی لێیان وەر دەگرین لەو ناوچانەی کە دووچاری کەمی ئاو بوونەتەوە.
دەمانەوێت ئەوە بسەلمێنین کە لە بواری هەمەڕەنگی بایلۆژیدا گۆڕانکاری ئەرێنی جیهانی دەکەین لە ناوچەی کانەبەردەکانماندا.
بارودۆخی تەندروستی گونجاو بۆ گشت کرێکارەکان لە ناوچەکانماندا دابین دەکەین.

## ئامانجەکانمان

تا ساڵی 2030، دەخوازین ڕێژەی بڕی ئاوی سازگاری وەرگیراو لە سرووشت بۆ بەرهەمهێنانی چیمەنتۆمان کەم بکەینەوە بۆ ٪30 .
دەمانەوێت گۆڕانکاری ئەرێنی لە سەرچاوەکانی ئاوی ناوچە بێ ئاوەکان ئەنجام بدەین.
دەمانەوێت ئەوە بسەلمێنین کە تا ساڵی ٢٠٣٠ لە بواری هەمەڕەنگی بایلۆژیدا گۆڕانکاری ئەرێنی جیهانی دەکەین.
دەمانەوێت دڵنیابین کە گشت کارمەند و بەڵێندەرەکانمان ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆی و پاک وخاوێنییان پێ دەگات لە گشت ناوچەکانی کە چالاکییان تێدا ئەنجام دەدەین.





# خەڵک و کۆمەڵگاکان

بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان وفراوانبوونی ئاوەدانی گۆڕانکاری دێنن بەسەر شێوازی ژیان و کارکردنماندا. ئێمە لە ناوەڕۆکی هەموو کارێکدا کە ئەنجامی دەدەین بەردەوام تەندروستی و سەلامەتی لەبەرچاو دەگرین. ئێمە هەروەها جیاوازی بەدی دێنین لە دابینکردنی شوێنی حەوانەوەی سەلامەت و تەندروست بە نرخی گونجاو. و ئێمە لە پێناو دادپەروەریدا دەجەنگین وهەڵویست وەرگرتن دژی بەرتیل و نایەکسانی لە شوێنی کاردا.

## هیوامان

بەردەوام دەبین لە گەشەپێدان ودەستەبەر کردنی چارەسەری نیشتەجێکردن بۆ خەڵک وئەو کەسانەی کە زۆر پێویستیان پێیەتی.
نمونەی کاری گشتی و پرۆگرامی فێرکردن و تەندروستی پێشکەش دەکەین بۆ پشتگیریکردنی گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا خۆجێییەکان.
و هەڵوێست لە دژی گەندەڵی و بەرتیلخۆری وەردەگرێن.
شارەزایی بازرگانی لێپرسراو و بەردەوام پەرە پێدەدەین لە ڕێی زنجیرە بەهاکانمانەوە.
بەتایبەتی کار دەکەین لەسەر ڕێزگرتنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.
بەرگری لە هەمەڕەنگی دەکەین لە سێکتەرەکەماندا.
وبەردەوام دەبین لە دانانی تەندروستی و سەلامەتی لە ناوەڕۆکی هەموو کارێک کە ئەنجامی دەدەین. تەندروستی و سەلامەتی بەرزترین بەهای LafargeHolcim ە.

## ئامانجەکانمان

تا ساڵی 2030، دەمانەوێت یارمەتی 75 ملیۆن کەس بدەین بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر بژین بەهۆی چارەسەرە گونجاوەکانمان لە نرخی نیشتەنجێبووندا، و دەستپێشخەرییە بازرگانییە گشتییەکانمان و وەبەرهێنانە کۆمەڵایەتییەکانمان.
دەمانەوێت کار بکەین لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بۆ بە گژاچوونەوەی بەرتیل و گەندەڵی لە گشت وولاتە مەترسیدارەکان کە کاری تیادا دەکەین.
دەمانەوێت پرۆسەی دەستپێشخەری کڕینی بەردەوام لە گشت ئەو وولاتانە جێبەجێ بکەین کە کاریان تێدا دەکەین.
دەمانەوێت لە LafargeHolcim پەرە بە یەکسانی و هەمەڕەنگی بدەین. و دەمانەوێت تا ساڵی 2030 بە ڕێژەی 30% هەمەڕەنگی لە هەردوو ڕەگەزدا لە گشت ئاستە ئیدارییەکانمان لە سەرتاسەری جیهاندا جێبەجێبکەین.
دەمانەوێت تا ساڵی 2030، نەبوونی گیان لەدەستدان بەدی بهێنین، و دووبارەبوونەوەی پێکان بە ڕێژەی 0.2 دابەزێت، و دووبارەبوونەوەی پێکانی گشتی بە ڕێژەی 50% دابەزێت (بە بەراورد بە ساڵی 2015)، و نەخۆشییە پیشەییەکان بە ڕێژەی 0.1 دابەزێت.





# پێکەوە،
# دەتوانین ”پلانی ساڵی 2030“ ئەنجام بدەین

لە ئێستادا، ”پلانی ساڵی 2030“ پێشبینی و نەخشە ڕێگایە. پاش زیاتر لە دە ساڵ ئاواتمان دێتە دی و خەونەکانمان دەبنە ڕاستی. بەڵام ناتوانین بە تەنها ئەم ئامانجە ئەنجام بدەین، بەڵکو پێویستمان بە هاوکاری یەکتر هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئامانجە لەگەڵ – هەموو ئەوانەی کە لە LafargeHolcim کار دەکەن، و کە لەگەڵیاندا بەشدارین، و هەموو ئەوانەی کە لە بواری بیناسازیدا کار دەکەن.

دەمانەوێت بەشداربن لە ”پلانی ساڵی 2030“ دا – ئەگەر فەرمانبەریت لە LafargeHolcim و دەتەوێت بە چیرۆکێک بەشداری بکەیت، یان کڕیاریت و دەتەوێت بە بیرۆکەی چۆن بتوانین شتێکی باشتر ئەنجام بدەین بەشداری بکەیت، یان ڕێکخراوێک بیت و دەتەوێت بەکارکردن لەگەڵماندا بەشداری بکەیت.
تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن بە:
The2030plan@lafargeholcim.com

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن:
www.lafargeholcim.com/-2030Plan

با پێکەوە ئایندە دروست بکەین.

LafargeHolcim Ltd
Zürcherstrasse 156
CH-8645 Jona/Switzerland
www.lafargeholcim.com/2030-Plan
Phone +41 58 858 58 58

LafargeHolcim